# الامام البخاري

# ئیمامی بوخاری

# (١٩٤ – ٢٥٦) کۆچی

اللغة الكردية – زمانی کوردی

شيخ هيثم سرحان – شەیخ هەیسەم سەرحان

مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانێک

http://sarhaan.com http://MAHADSUNNAH.COM

# ئیمامی بوخاری

ئەمیری ئیمانداران لە فەرموودەدا و خاوەنی کتێبی (الجامع الصحیح)، پێشەوای "حافظەکان" و گەورەی فەرموودەناسان، (باوکی عبداللە محمدی کوڕی عبداللە ـی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی البخاري) لە ساڵی ١٩٤ـی کۆچی لەدایک بووە، لەتەمەنی منداڵیدا دەبێت باوکی دەمرێت.

لە چاودێری دایکیدا گەورە دەبێت،جا باوکی کەسێکی لەخواترس و وەرع بوو، لە سەرەمەرگدا وتی: نازانم لە ماڵەکەمدا تەنها دەرهەمێکی حەرام هەبێت و یان گوماناوی. لەتەمەنی منداڵیدا ئیمامی بوخاری چاوەکانی لەدەست دەدات، دایکی بوخاری پێغەمبەر ئیبراهیم لە خەوندا دەبینێت دەڵێت: خوای گەورە چاوی کوڕەکەتی گێڕایەوە لەبەر زۆر دوعاکردنت. جا چاکی دایک و باوکە گەورەترین کاریگەری هەبووە لە چاککردنی حاڵی ئەو و بەرزیی پلە و پایەی.

پرسیارکرا لە بوخاری سەرەتای کارەکانت چۆن بوو؟ فەرمووی: لەبەرکردنی فەرموودە دای لە دڵم و چووە دڵمەوە لەکاتێکدا لە حوجرە بووم. پێیان وت تەمەنت چەند بوو؟ فەرمووی: دە ساڵ بووم یان کەمتر. لەگەڵ زانستەکەیدا کەسێکی خواپەرست و وەرع بوو، هەردەم دەیفەرموو: ئومێدەوارم کاتێک بگەم بە خواکەی خۆم لێپرسینەوەم لەگەڵ نەکات لەسەر غەیبەتکردنی هیچ کەسێک.

و لە مەزنترین بەرهەمەکانی بوخاری کتێبی (الجامع الصحیح)ـە، ئەویش ڕاستترین کتێبە لە پاش قورئانی پیرۆز و هەموو ئەم ئوممەتە یەکدەنگن لەسەر وەرگرتنی ئەم کتێبە، ئیمامی بوخاری لەماوەی شازدە ساڵدا نوسیویەتیەوە و هیچ فەرموودەیەکی تێدا نەنوسیوە ئیللا لەپێشی دوو ڕەکات نوێژی کردووە.

و زانایان شایەتی ئەوەیان داوە کە بوخاری پێشەوایە و خاوەنی پایە و قەدر و ڕێزە، ئیمامی ئەحمەد فەرموویەتی: لە خۆراساندا هیچ کەسێک وەکو محمدی کوڕی ئیسماعیل دەرنەکەوتووە، ئیمامی ئیبن خوزەیمە فەرموویەتی: لەژێر سێبەری ئاسماندا هیچ کەسێکم نەبینیوە شارەزای فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا بێت و لەبەری بێت وەکو محمدی کوڕی ئیسماعیل.

لە وتەکانی بوخاری ڕەحمەتی خوای لێبێت: نازانم هیچ شتێک هەبێت و خەڵکی پێویستی پێی هەبێت ئیللا لە قورئان و سوننەتدا هاتووە.

ئیمامی بوخاری لە شەوی جەژنی ڕەمەزاندا وەفاتی کردووە لە ساڵی ٢٥٦ـی کۆچی، خوای گەورە بە ڕەحمەتە فراوانەکەی ڕەحمی پێ بکات، خوای گەورە پاداشتی بداتەوە لەو خزمەتە گەورەی ئیسلام و مسوڵمانانی کردووە.